**بۆ بەرێز گولمراد مرادی و ئەوانی دیکە**

کۆماری کوردستان یەکێک لەو روداوە گرنگ و مێژووییانەیە کە تا رۆژگارێکی دوور لە مێژووی کورد یادی بە خێر دەکرێتەوە.من وەک تاکێکی کورد سوپاسی هەر کوردێک دەکەم کە بەپێی توانای خۆی هەول دەدات خزمەتێک بە گەلەکەی بکات.سەبارەت بە کۆماری کوردستانیش زۆر هەولی دلسۆزانە دراوە،بەلام لە کاتی نوسین و بلاوکردنەوەی هەندێک بابەت بەتایبەت یەکێک لە بابەتەکانی بەریز دکتۆر گولمراد موورادی دا سەرتاپای بابەتی کتێبی ،سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگەی ئێراندا_2000 هەولێر دەسگای موکوریانی* بەبێ کەم و زیاد وەرگیراوە و بلاوکراوەتەوە بەبێ ەوەی ئاماژەیەکی بچوکیش بە سەرچاوەی بابەتەکە بکات.پێم وایە ئەم شێوە نوسین و بلاوکراوانە هیچ خزمەتێک پێش هەر شتێک بە مێژووی کورد ناکەن.

من بۆیە بلاوکردنەوەی ئەم رونکردنەوەیە بە پێویست دەزانم لە کاتی ئێستا بە بەسەندەی دەزانم تاکو.....

1_خوێنەری کورد چەواشەنەکریت.

2_کەسانێک رێگا بەخۆیان نەدەن بابەت و بەرهەمی کەسانی دیکە بەبێ ئاماژە بە سەرچاوەکەی بەناوی خۆیان بلاوبکەنەوە.

3_ئەگەر لەلایەن ئەو بەرێزە، یان هەر کەسێکی دیکەوە کارێکی لەم بابەتە دوبارە ببێتەوە ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە لەسەر مێژووی گەلەکەم و بەرهەمی بلاوکراوەی خۆم دێمە وەلام.

*کتێبی سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگەی ئێران/ئامادەکردنی بەدرەددین سالح_هەولێر 2000


بەدرەددین سالح

10.2.2006

Rebwar9960@hotmail.com